www.kurdistannet.org
28-9-2006 10:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# وتەبێژێک بەناوی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە سەبارەت بە هەواڵێکی ناڕاستی هەفتەنامەی هاوڵاتی ئەم لێدوانەی دا

لە ژمارەی (293) رۆژی چوارشەممە (2006/9/27) هەفتەنامەی هاوڵاتی لەسەر زاری قادر قاچاغی ئەندامی سەرکردایەتی وبەرپرسی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەواڵێکی ناڕاست وبێ بناغەی بڵاو کردۆتەوە گوایە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە کاتی شەڕەکەی نێوان ئیسرائیل وحزبولا، لە کوردستانەوە خەڵکی ناردووە بۆ لوبنان بۆ یارمەتی حزبولا.

لەگەڵ ئەوەی کە دڵنیاین جەماوەری کوردستان کەلە نزیکەوە یەکگرتوو دەناسێ وباوەڕ بەم جۆرە چەواشەکاری وپڕوپاگەندانە ناکەن، لەلای خۆمانەوە سەرلەبەری ئەو هەواڵە رەتدەکەینەوە ودوورە لە هەر راستیەکەوە ودەچێتە خانەی ئەو شایەعە وپڕوپاگەندە وتۆمەتانەی کە لەمەوپێش بە مەبەستی ناوزڕاندنی یەکگرتوو بڵاوکراونەتەوە.
دەشبوو هەفتەنامەی هاوڵاتی پێش بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە ناڕاستە پەیوەندی بە لایەنە بەرپرسەکانی یەکگرتووەوە بکردایە ولەراستی وناڕاستی هەواڵەکەیان بپرسیایە.